بڕیاری فەرمی: سەرکردایەتی ڕەتیدەکاتەوە هیچ ئەنجامێک لە بەدواداچوونەکانی کۆلێژی سەربازی چوار دەربچێت

وتەبێژی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان ڕەتیکردەوە هیچ ئەنجامێک لە بەدواداچوونەکانی کۆلێژی سەربازی چوار دەرچووبێت.

سەباح نوعمان وتەبێژی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان لە ڕاگەیەندراوێکدا کە دەستی موتەڵع کەوتووە بڵاویکردەوە"چەند ماڵپەڕێک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕاگەیەندراوێکیان بەناو سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ، فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان محەمەد شەیاع سودانی بڵاوکردۆتەوە (کە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی پەیوەست بەو ڕووداوەی کە لە کۆلێژی چوارەمی سەربازی ڕوویدا) لەخۆدەگرێت.

وتیشی ئەم هەواڵە بە تەواوی ڕەتدەکەینەوە، بەڵام ئەوە دووپات دەکەینەوە کە لێکۆڵینەوەکان بەردەوامن و دوای تەواوبوونیان بە فەرمی ڕادەگەیەنرێن.